TYÖMINISTERIÖ

Tietoa asioimistulkkauksesta maahanmuuttajille
Työministeriön esitteitä 2004
KURDI

ئەم بڵاوکراوەیە بە هاوکاری ئەم لایەنانەی خوارەوە نووسراوە:
وەزارەتی کار، مەڵبەندی وەرگێرانی قسەوباس لە ناوچەی هلسنکی، مەڵبەندی وەرگێڕان لە ناوەڕاستی فنلاندا، مەڵبەندی وەڕگێران لە پیرکانما، خزمەتگوزاری وەرگێڕان لە باکوری فنلاندا و مەڵبەندی وەرگێڕانی ناوچەی تورکو

# زانیاری بۆ کۆچبەران
# سەبارەت بە کاری وەرگێڕان

## لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی کار ٢٠٠٤

www.mol.fi/migration

**لەم بڵاوکراوەیەدا بەکورتی باسی کاری وەرگێرانی قسەوباس و کاری وەرگێر دەکەین وەهەروەها لەرێگەی وەرگێڕەوە سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان رێنمایی بە کۆچبەران دەدەین. ئەم بڵاوکراوەیە لە تۆڕگەی وەزارەتی کاردا پەیدای دەکەیت بەناونیشانی:** www.mol.fi/migration

## زانیاری گشتی سەبارەت بە کاری وەرگێرانی قسەوباس

وەرگێران کاتێك پێویستە کە کەسەکان لەکاتی قسەکردندا زمانێکی هاوبەشیان نەبێ. بەیارمەتی وەرگێران ناوەرۆکی قسەکان و پەیامەکانی بەیەکتر دەگەیەندرێت و بابەتەکان سەرەڕای بوونی دیواری زمان و کەلتور بۆ یەکتر روون دەبێتەوە.

مەبەست لە وەرگێڕانی قسەوباس دیالۆگی نێوان کاربەدەست و داواکارە، بۆ نموونە وەرگێرانی چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە. وەرگێرانی قسەوباس دەکرێ بە شێوەی کۆنسێکوتیڤ بکرێ واتە وەرگێران بۆ زمانەکەی تر بەشوێن هەر برگەیەك یاخود رستەیەك لە قسەوباسەکانە یان بەشێوەی سیمولتانی بێت کە ئەوکات وەرگێڕ هاوکات لەگەڵ قسەکردنەکەدا دەست دەکات بە وەرگێرانی وتەکە. وەرگێڕان یان لە شوێنەکە وەیاخود لە دوورەوە بە تەلەفون یان بە دەزگای ڤیدیو دەکرێ.

وەرگێڕ سەرەڕای زانینی زمان، توانایی گەیاندنی ناوەرۆکی قسەکان وئاشنایی بەکەلتوری هەیە. وەرگێڕەکان پیشەکەی خۆیان خوێندوە بۆ نموونە لەرێگەی وەرگرتنی بەڵگەی وەرگێری یان کاری وەرگێڕیان لە دانیشگادا خوێندوە.

ئەرکی وەرگێر وەرگێڕانی ئەوەیە ئەو قسانەی کە لە دانیشتنەکەدا دەکرێ. وەرگێڕ وەك کاربەدەست یان یارمەتیدەر و پارێزەری داواکاری کۆچبەر ناجوولێتەوە. وەرگێرانی خاوەن پێشە ناتوانن بۆ کەسانی خزم و ئاشناو منداڵی خۆیان وەربگێڕن.

وەرگێڕەکان لە کارەکانیاندا رێنمایی یاسایی پیشەی وەرگێری بەرێوە دەبەن. کە سەرکی ترینیان بریتین لە:

- وەرگێڕ ئەرکی پاراستنی نهێنی لەسەر شانە.
- لە کاتی قسەوباسەکاندا وەرگێڕ بێ لایەنە و خۆی لەدەرەوەی باسەکەدایە. هەڵوێست و بیروبۆچوونی خودی وەرگێر لەسەر کارەکەی کاریگەری دانانێ.
- وەرگێر ناتوانێ قسەوباسێك وەربگێرێ، کە بۆ نموونە بەشداران خزم وکەسی نزیکی بن یان هاورێی نزیکی بن. لەم حاڵەتانەدا وەرگێر ناتوانێ وەرگێران بکات.
- وەرگێر هەموو قسەکان وەردەگێرێ، ئەو هیچی پێ زیاد ناکات، یان هیچیشی لێ ناپەرێنێ.
- لە کاتی کاری وەرگێڕاندا بێجگە لە کاری وەرگێران، وەرگێر هیچ کارێکی تر ناکات.

### بەم شێوەیە هەلسوکەوت دەکەیت لەکاتی وەرگێرانی قسەکاندا

- بە روونی قسەکانت بکە.
- قسە بۆ وەرگێرەکە مەکە. تۆ کارەکەت لەگەڵ کاربەدەستەکە دەکەیت، نەك لەگەڵ وەرگێرەکە. ئەوەش لەبەرچاو بگرە کە وەرگێرانەکە لەسەر شێوازی *(من)* دەکرێ.
- کات بە وەرگێرەکە بدە تا فریا بکەوێ قسەکانت وەربگێڕێ.
- وەرگێڕ هەموو وتەکان وەردەگێڕێ. تەنیا هەر ئەوە بڵێ کە دەتەوێ وەربگێڕدرێ.

کاربەدەست و وەرگێر لەکاتێکی دیاریکراودا لە شوێنەکەدا ئامادە دەبن، لەبەر ئەوە گرنگە کاتی دیاری کراو بۆ چاوپێکەوتنەکە لەبەر چاو بگریت.